# شەهیدانی حزبی دیموکڕات لە بۆکان

ماڵپەڕی "شەهید" م لە ڕێگەی ماڵپەڕی گیارەنگەوە دیت وسەردانم کرد. وەک لە ناوی دەردەکەوێت، ماڵپەڕەکە لە پەیوەندی شەهیداندایە؛ لە خوێندنەوەیدا دەردەکەوێت کە بۆ ناساندنی شەهیدان و گیان لەدەست چوانی سەر بە ڕێکخراوەکانی حزبی دیموکڕات بەڕێوە دەچێت. ئەو ماڵپەڕە سەرچاوەیەکی باشە بۆ کاری توێژینەوە لە ڕووداوە سیاسی –نیزامییەکانی حزب و بە گشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای دامەزرانی حزبەوە تا ئەمڕۆ و لە ڕاستیدا درێژەی کارێکە کە پێشتر نەمر کەریمی حیسامی بە دەرکردنی کتێبێک لەمەڕ شەهیدانی حزب سەرەتای دامەزراندبوو.

ماڵپەڕی گیارەنگ سەر بە حزبی دیموکڕاتی کوردستانە بەڵام لیستەکە هەموو ماوەی تەمەنی حزب لە ساڵی ١٩٤٤ ەوە تا ئەمڕۆ، واتە شەهیدانی هەردوو باڵی ئێستای حزب (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی کاک مستەفا هیجری و حزبی دیموکڕاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی کاک خالید عەزیزی) دەگرێتە بەر.

هەر بەو بۆنەیشەوە، من عینوانی ئەم وتارەم بە ناتەواوی نووسی بۆئەوەی سەرم لە خوێنەر نەشێواندبێت. هەرچۆنێک بێت، لیستەکە، شەهیدانی هەردوو ڕێکخراوەی حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران و حزبی دیموکڕاتی کوردستانی گرتۆتەوە.

لیستەکە بە گوێرەی شار و ناوچە ڕێک خراوە، وەک کرماشان، ئیلام، سنە، هەوشار مەهاباد، ورمێ، ماکۆ و .... هتد. لە باسی هەرکام لە شارەکانیشدا ناو و وێنەی ٣٠ کەس لە یەک لاپەڕەدا ڕاگەیێنراوە و کاتێ کە لە سەر ناوی کەسێک کلیک بکرێت، ئەم تایبەتمەندییانە سەبارەت بە شەهیدەکە دەردەکەون: ناو، خەڵکی کوێ بووە، لە کوێ لە دایک بووە، لە کوێ شەهید کراوە، ڕێکەوتی شەهید بوونی، چۆنیەتی شەهید بوونی، گڵکۆی لە کوێیە و سەر بەکام ڕێکخراوەی حزب بووە.

شەهیدەکان هەموو بە یەک شێوە سەیر کراون و یەک چەشنە زانیارییان لە سەر ڕاگەیێنراوە واتە پلە و پایەی ڕێکخراوەیی تێدا نەگیراوەتە بەرچاو و بە شان و باڵی کەسێکدا زیاد لەویتر هەڵنەگوتراوە، ئەوە خۆی لەخۆیدا کارێکی گەلێک باشە لەبەر ئەوەی هەموو ئەو کەسانە، لە هەر پلەو پایەیەکدا بووبێتن، بەنرخترین دیاریی، واتە گیانی خۆیان، پێشکەش بە باوەڕەکەیان کردووە و لەوەدا کەس لەویتر کەمتر نییە. بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێک لەو ناوانە بە نەخۆشی کۆچی دواییان کردووە واتە نە ئیعدام کراون و نە لەشەڕدا شەهید بوون، دەکرا لە کۆتایی ئەو زانیارییە گشتییانەدا هەندێک زانیاری تایبەتمەند بۆ هەرکام لەو کەسانە گردوکۆ بکرێت و لە سەرچاوەکانی دیکە وەربگیرێت بۆ ئەوەی خوێنەرانی دواڕۆژ باشتر ئەو کەسانە بناسن. ئەم کارە، بۆ نموونە بۆ نەمر ئیبراهیم جهاندیدە (فەقێ برایم) کراوە و زۆریش لە شوێنی خۆیدایە.

**بۆکان**

شار و ناوچەی بۆکانیش لە لیستەکەدا شوێنی تایبەتی خۆی هەیە. لە ٥ لاپەڕەی تایبەت بە بۆکاندا ناو و وێنەی ١٤٨ کەس ڕاگەیێنراوە کە جگە لە چەند کەسێکیان کە بە نەخۆشی بەجێیان هێشتووین، ئەوانیتر هەموو هەر بە دەست ڕژیم پەهلەوی و بە زۆریی بە دەست کۆماری ئیسلامی شەهید بوون

واته یا ئیعدام کراون یا له شەڕدا شەهید بوون یا کەوتوونەته بەر تۆپبارانی 'ئیسلامی نابی موحەممەدی' یا لەهەموویان جێی داختر، له شەڕی کۆمەڵه و حزبدا کووژراون.

هۆکاری شەهیدبوونی هەندێک کەسیش وەک "ڕووداو" نووسراوه که دەرناکەوێت چییه. گەلۆ ئەوه ڕووداوی ترومبیل و شتی هاوچەشنه، یا شەهیدەکه یەک لەو ۷۰۰ پێشمەرگه بێ تاوانەی حزبی دیموکڕات و کۆمەڵەیه که له هەشتا و نەوەدەکاندا له باشووری کوردستان به دەست جاش و بەکرێگیراوانی ئێران یا ڕاستەوخۆ به دەست پاسدار و بەسیجی دزەکردووی ناو کوردستان کووژران و حزبه کوردییەکانی باشووری کوردستان دیزه به دەرخۆنەیان به مەسەلەکه کرد. بەداخەو من نەمتوانی قوربانییانی ئەم بابەتەی دوایی له ناو لیستەکەدا بدۆزمەوه. هیوادارم ئەوه کەم تەرخەمی من بووبێت که هەموو ناوەکانم یەک به یەک نەپشکنیوه، دەنا ناتەواوییەکی بەرچاو دەبێت ئەگەر ئەو تاوانه گەورەیه و ئەو ڕاستییه زەقه له خەڵک بشاردرێتەوه.

خەڵکینه**!** نزیک به ۷۰۰ کەس له ڕۆڵەکانی ئێوه، که له ڕیزی پێشمەرگەی حزبه سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوون، له باشووری کوردستان به دەست پاسدار و بەسیجیی مەلاکانی ئێران یا بەکرێگیراوی خۆجێ یی ئەوان بێ سەروشوێن کراون. تەنانەت هەندێکیان له لایەن بەرپرسانی چەند حزبی باشووری کوردستانەوه ڕادەستی ڕژێمی ئێران کراونەتەوه و له ڕاستیدا پێیان فرۆشراون**!** ئەنجامی کارەکەش ئیعدامی ئەو هەژارانه بووه.

ئەوه، ڕاستییەکی مێژووییه و دەبێ کۆمەڵانی خەڵک لێی ئاگادار بن. هیوادارم بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی شەهید که زەحمەتێکی زۆریان بۆ ئامادەکردنی زانیاریی لەسەر ئەو هەموو شەهیده کێشاوه، ئەگەر تا ئێستا لەبەر هەندێک 'مولاحەزه' ناوی ئەو شەهیدانەیان که بەو شێوه ناجوانمێرانەیه شەهید کراون، نەخستبێته توێی ماڵپەڕەکەیانەوه، ئێستا بیخەن؛ ئەگەریش ناوەکان ڕاگەیێنراون، ئەوا ئاماژەی ڕاستەوخۆ بەو ڕاستییه تاڵانه بکەن که هەموومان پێیان دەزانین و ئەگەر نەیکەن، ئەوا پەردەپۆشیی جینایەتەکانی سپای پاسداران و جاشی خۆجێ بیان کردووه، ئەوەش له خەڵکانی خەباتکار ناوەشێتەوه.

هیوایه کارێکی هاوچەشن له لایەن برادەرانی کۆمەڵه و حزبه سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیشەوه بکرێت و ئەو بێدەنگییه سەرسام هێنەره سەبارەت به جینایەتێکی وا مەزن بشکێنن.

بۆ سەردانی ماڵپەڕەکه، ڕاستەوخۆ کرته بکەنه سەر ئەم ئەدرەسه:

http://shehid.com/bokan.php

یا سەردانی ماڵپەڕی گیارەنگ بکەن: http://www.giareng.com/

ئینجا له لاپەڕەی یەکەم (دەسپێک) ستوونی یەکەم، له ژێر عینوانی "چەند ماڵپەڕێک"دا، "ماڵپەڕی شەهید" بدۆزنەوه.